# کورته فیلمی (نیگار کێش)



نوسینی: ئومێد لەتیف

دیمەنی1

ڕۆژ–دەرەوە

چەند دیمەنێکی ئاسایی ژیانی ئەوروپا

سەرەتا وێنە چەند شەمەندەفەرێک پیشان ئەندرێت، هاتووچۆی کەسانی گەشتیار، دیمەنی جیاواز جیاواز لەخەڵکان کە هەریەکە سەرقاڵی کاری خۆیەتی ،لەم کاتەیا کەسێتی هیوا دەرئەکەوێت کە لەناو خەڵکەوەوە ڕووەو ناو کادێری کامێرا دێت، کەل و پەلی وێنەکێشانی پێیە(ستاند و بۆرد)لە کادێر ئەڕواتە دەرەوە ئینجا لەشوێنێکی تر دەر ئەکەوێت لەوێ ئەیەوێ شوێنێ هەڵبژێرێ بۆ وێنەکێشان بەڵام بەدڵی نیە، پاش چەند هەوڵدانێک لە کۆتاییدا کاغەزەکان لائەباو فرێیان ئەدا، ئەم ماوەیە دەنگی ئاسایی شوێنەکان لەگەڵ مۆسیقایەکی ئارام بەردەواوە، لەپر چاوی بە کافێتریایەک ئەکەوێ سەرنجی ڕا ئەکێشێ کە چەند کەسانێک دانیشتوون و خەریکی قسەکردن و قاوە خواردنن، بەم شێوەیە کەل و پەلەکانی ئامادە دەکات و دەست ئەکات بە نەخشەکێشانی دیمەنەکە، کامێرا ووردە ووردە نزیک لە بۆردەکە ئەبێتەوە لەگەڵ زاویەی کافێتریاکە تێکەڵ ئەبن، زەمەن ئەگەڕێتەوە پێشوو لە کافێتریایەکی کە کە هەردوو زاویەکانیان لەیەک ئەچێت.

دیمەنی2

ڕۆژ–دەرەوە

لە کافێتریایەک

(سێ کەس دانیشتوون خەریکی چایی و قاوە خواردنەوەن، لەناکاو کەسێتیەکی تریش دەرئەکەوێت)

دکتۆر:

سڵاو جەماعەت!

هەموو:

سەرچاو دکتۆر گیان....بەخێربێیت

دکتۆر:

سوپاستان ئەکەم

دارا:

چی یە دکتۆر ئەمڕۆ درەنگ هاتیت؟

دکتۆر:

(خەریکی هێنانی کورسیەکە بۆ خۆی) وەڵڵاهی بڵێم چی لای برادەرێک بووم.....

سیامەند:

بڵێ خوشکە دەر (پێکەنین)

دکتۆر:

بێ قەزابینە ئەوە کەی شتە ئێوە پێی پێ ئەکەنن، من ڕۆژانە لە ئیشەکەم لەگەڵ کچانا هەڵس و کەوت ئەکەم!

سیامەند:

ئاخر ئێمەش بۆیە وا ئەڵێین....تۆ بێ ئەوان ناژیت

دکتۆر:

کاکە ژیانیش بێ ئەوان نابێ!

مەجید:

ئای دکتۆریش لە دنیای خۆیەوە سەیر ئەکات! ئەم کچانەی ئێرە بەئێمە چی؟

دکتۆر:

مەجید گیان ڕاست ئەکەیت بەئێمە هیچ، بەڵام خودی ئینسان بەوە ڕاهاتووە بێ یەکتر نەبێ ناژین، هەر هیچ نەبێ ئەلتەرناتیڤێک لەنەبوو باشترە!

دارا:

ئافەرم بەڕاستی ئەمە یەک دکتۆر قسەی وا بەپێز بکا!

دکتۆر:

چی یە؟ کوڕی باشن ئێوەش ئەتانەوێت مەزەکەی ئەمشەو من بم؟

دارا:

نا دکتۆر گیان حەدمان نیە، بەڵام بەڕاستی تەنهایی پیاو ئەکوژێ!

دکتۆر:

بەخوا ئێوەی هونەرمەند هەموو دەردە کچتانە، بە یەک نیگای کچێک عەلەمتان تیا نامێنێ!!!

(پێکەنین، لەم کاتەدا هیوا دەئەکەوێت جانتایەکی بەدەستەوەیە )

سیامەند:

یائەڵڵا خێرا!

هیوا:

ئەم کاتەتان باش

هەموو:

هەموو کاتێک باش

دارا:

چی یە هیوا لەسەفەر بوویت، یان بەنیازی بچیت؟

هیوا:

(دائەنیشێت)

لە هەردووکی!

دارا:

ئەمە مەتەڵە، یانی چی؟

سیامەند:

کاکە مەبەستی هیوا ئەوەیە کە ئەو بێ سەفەر ناژی!

هیوا:

دەمخۆش.........سەفەر نەبێ من حاڵم پەشێوە!

(دکتۆر زۆر حەزی لە چارەی هیوانی یە ئەیەوێ مەسەلەکە بگۆڕێ)

دکتۆر:

ئەرێ سیامەند هیچ شیعرێکی تازەو نەنوسیوە؟

سیامەند:

(جگەرەکەی ئەکوژێنێتەوە) نەوەڵڵا دکتۆر گیان دووا نوسینم ئەوە بوو لەسەر ڕووتەڵە، بەڵام ئەوە خوا هیوای بۆناردم بۆ لەدایک بوونی قەسیدەیەکی تر

هیوا:

چی یە کوڕی باش، ئەڵێی مەستی دوێنێ شەوت تیاماوەتەوە!

سیامەند:

نا هیوا گیان، شاعیر خۆی هەمیشە مەستە! بەڵام من کە هەر تۆ ئەبینم هەمیشە گەڕان، سەفەر هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی جوانی، ئەمانە کەم نین لە تۆیا! بۆیە بڕیام ئەیەم قەسیدەی ئەم جارەم لەسەر سەفەر بێت!

**دارا:**

**جوانه، به قوربانه زوو دەست كە بەنوسينى قەسيدەكەت بكە، بابزانم منيش كورتە فيلمێكى لێ دروست ناكەم!**

**مەجيد:**

**ئا شتێكيش بەن بە ئێمە! خۆ كفر نابێت؟**

**دكتۆر:**

**كاكە من و تۆ لە ژنە عەرەبەكەين!**

**مەجيد:**

**وەڵلا ڕاست!**

**سيامەند:**

**نا نا ئێوەش پێويستن، ئەی ئەوە نيە ئێە خەريكی ماڵ و مناڵی خۆتانن خۆ ئەگەر ئێوە نەبن كێ بەردەوامی بە لايەنی خێزانی با؟**

**مەجيد:**

**بۆ يانی ئێوە بەتەمان هەتا سەر هەر ئاوا بە زگورتێتی بمێننەوە؟**

**سيامەند:**

**من بەش بەحاڵی خۆم لەوانەيە!**

**دكتۆر:**

**ئەی تۆ دارا؟**

**دارا:**

**وەڵلاهی بڵێم چی.....ئەگەر ئەو كەسەی كە من بەدوايا ئەگەڕێم بيدۆزمەوە نەخێر حەزم لە زگورتێتی نيە!**

**هيوا:**

**(پێئەكەنێ)**

**بۆ پێو وايە ئەم خەڵكە حەزی لێی يە؟**

**سيامەند:**

**كاكە منيش حەزم لە زگوورتێتی نيە، بەڵام مەسئوليەت قورسە!**

**هيوا:**

سیامەند  مەسەلەکە حە ز و نا حەز نیە، مەسەلە هەڵبژاردن و ڕێککەوتنە،  بەڵام کەسەکانیش ئەیانگۆڕێت من ئەو ژنە کۆنەی خۆمم کوشتبوو! شەوو ڕۆژ بە فەلسەفەو قسەی قەڵەو ووڕم کردبوو! کەواتە هەڵبژاردنەکەم هەڵەبوو!

دارا:

ئەی دەم خۆش، منیش بۆیە پەلە ناکەم ئەمەوێ کەسێکی شێت و پێتی وەک و خۆم بدۆزمەوە!

دکتۆر:

قوڕ بەسەر ئەوماڵەی دوو شێتی تیایە ئەژی! (پێکەنین)

سیامەند:

کاکە من کەسم ناوێت، قەسیدەکانم هەموو کەسێکن بۆم، دەی هیوا گیان بۆمان باس کە با زوو بچمە ناو بابەتەکەوە، دەی بۆ کوێ سەفەر ئەکەیت؟

هیوا:

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر شوێنم بەدەستەوەیە، بەڵام یەکەم جار بەرەو پاریس ئەڕۆم

دارا:

پاریس! بۆ ئەوێ؟

هیوا:

بیستوومە ئەڵێن لەوێ وێنەکێش ڕێزی زۆرە، بگەرە ئەتوانێ بیکا بە پیشەو خۆی پێ بژێنێ!

دیمەنی3

ڕۆژ-دەرەوە

ناو پارکێک

(لە ناکاو کەسێک خەیاڵی هیوا ئەپچڕێ)

کەسەکە:

میسیۆ! (بە فەرەنسی پێی ئەڵێ ئەتوانی پۆرترێتێکم بۆ درووست کەی)

هیوا:

سی (بەڵێ)

کۆتایی

ئومێد/سوید

**2005-08-19**

**omed_arif@hotmail.com**